# هەرێمی کوردستان / عێراق

[redacted]

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی
دادگای بەرایی [redacted]

Judicial Council

دادگای بەرایی [redacted] لە سلێمانی لە بەرواری ١١/٢/٢٠١٨ لە دادوەر [redacted] کە ڕێگە پێدراوە بە دادوەریکردن بە ناوی گەلەوە پێکهات و ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

**داواکاری ژمێریاری:** [redacted] بریکارەکانیان پارێزەران [redacted]

**کەسی سێیەم لەپاڵ داواکاری ژمێریاری:** [redacted]

**داوالەسەرکراوانی ژمێریاری:**

[redacted]

**<u>بڕیارەکە:-</u>**

- **<u>داواکارییەکان بەپێ ی تیانووسی داواکە.</u>**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە دەڵێت کە لە گەڵ داوالەسەرکراوان هاوبەش بووە بەڕێژەی ١٤% لە قازانج و زەرەر بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پڕۆژەی دروست کردنی دوو باخچەی ساوایان و پێنج قوتابخانەی شەش پۆلی لە ([redacted]) وە هاوبەشیەکەی بە سەرمایەی (١٣٥٠٩٠٠٠٠) سەد و سی و پێنج ملیۆن و نەوەد هەزار دینار و هەموو پڕۆژەکان تەواو بوون و تەنها (٧٥٠٠٠٠٠٠) حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری وەرگرتووەتەوە و داوالەسەرکراوان ئامادە نین پاکتاوی ژمێریاری بکەن. ئاماژە بەوەی سەرەوە داوای بانگهێشتی داوالەسەرکراوانی ژمێریاری دەکەن بۆ دادبینی و پابەند بکرێن بە پێشکەش کردنی تۆمار و بەڵگەنامەکان و ئەنجامدانی ژمێریاری لە ڕێی شارەزاوە بە مەبەستی دیاریکردنی شایستە داراییەکانی کە خەملاندویەتی بە بڕی (٨١٠٩٠٠٠٠) هەشتا و یەک ملیۆن و نەوەد هەزار دینار و بڕیار دەربکرێت بە پابەندکردنیان بە پێدانی دەرئەنجامی ژمێریاریەکە و سەرجەم تێچوونەکانی داواکەیان بخرێتە ئەستۆ.

- **<u>دانیشتنەکانی دادبینی ویاساوی قانونی.</u>**

دادبینی ئامادەیی وئاشکرا بەڕێوەچوو. بە تێڕوانین لە دۆسیەی ژمارە ١١/گلدانەوەی یەدەگ/٢٠١٤ لە نێوان هەردوولا بە هەمان سیفەت کە دادگای بەرایی سلێمانی/١ لە ٢٠١٤/١/٢٠ بڕیاریداوە بە گلدانەوەی یەدەگ لەسەر پێشینەی کۆتایی کۆمپانیای داوالەسەرکراو لە پارێزگای سلێمانی و لە هاوپێچەکانی دۆسیەکە گرێبەستی هاوبەشی نێوان هەردوولا کە واژووکراوە لە ٢٠١١/٤/٢٠ و بە سەرنجدان لە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی سلێمانی ژمارە ١٥٨٧ لە ٢٠١٤/٣/١٣ تایبەت بە کۆمپانیای داوالەسەرکراوی ژمێریاری و بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی و نوسراوەکانی پارێزگای سلێمانی بە ژمارە ٤١٤٤ لە ٢٠١٦/٤/١٧ تایبەت بە وەرگرتنی بەشی (جزئی) پڕۆژەکانی بابەتی داوا لە ٢٠١٤/٧/١٠ و وەرگرتنی کۆتایی لە ٢٠١٤/٣/١٦ و هاوپێچەکانی و نوسراوی ژمارە ١٢٨٢٦ لە ٢٠١٦/١٢/١٢ تایبەت بە ناردنی بەراییەکانی پڕۆژەی بابەتی داوا و بە تێڕوانین لە گرێبەستی نێوان بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی و کۆمپانیای داوالەسەرکراوی ژمێریاری تایبەت بە پڕۆژەی بابەتی داوا و

[redacted]

بە تێڕوانین لە تۆمار و پسوڵەی پێشکەشکراو و چەند کۆنوسێکی ژمێریاری تایبەت بە کۆمپانیای داوالەسەرکراو کە واژووکراوە لەلایەن ژمێریار و بە ڕێوەبەری ڕێپێدراو و قەواڵەی واژووکراو لە ٢٠١٤/٨/١٨ لە لایەن بریکاری داوالەسەرکراوان و تیانووسی ڕوون کردنەوە و وەڵامدانەوەی بریکارانی هەردوولا و هێنانە ناوەی وەک کەسی سێیەم لە پاڵ داواکاری ژمێریاری لەسەر داوای بریکاری داوالەسەرکراوان و دانی میرانەی کەسی سێیەم لە ٢٠١٤/٦/٥ و ئامادەبوونی ناوبراو لە دانیشتنی ٢٠١٤/٦/٢٣ و دانپێدانانی بریکاری داوالەسەرکراوان بە گرێبەستی نێوان هەردوولا لە ڕووی واژوو و ناوەرۆکەوە و بە وەرگرتن و گەڕانەوەی ئەو بڕانەی سەرەوە و بریکاری داواکار دانی نا بە هەندێک پسووڵە و نکولی کرد لە هەندێکی تر و بریکارانی هەردوولا تیانووسی ڕوون کردنەوە و وەڵامدانەوەیان پێشکەش کرد سەبارەت بە پسووڵەکان و دادگا بڕیاریدا پەنا بەرێت بۆ شارەزا بۆ ووردبینی کردنی تۆمار و پسووڵە و کۆنوسەکانی پێشکەشکراو و بریکارانی هەردوولا هەڵبژاردنی شارەزایان بەجێهێشت بۆ دادگا و دادگا شارەزای دادوەری دانا و شارەزا ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەشکرد بە بەرواری ٢٠١٥/٣/١٩ داوای کرد کە ووردبینی پسووڵە و تۆمارەکان لە ڕێگای نوسینگەی ڕێکخستنی ژمێریاری بکرێت لە بەر ناڕوونی و نەبوونی بنەمای ژمێریاری لە پسووڵەکاندا و شارەزا بانگهێشتی دادبینی کرا لە دانیشتنی ٢٠١٥/٤/١ و ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەکەی دووبارەکردەوە و دادگا شارەزایەکی تری دانا کە لە دانیشتنی ٢٠١٦/٨/٢٨ ئامادەبوو کە ناوی لە لیستی شارەزایانی دادوەری نەبوو لەبەرئەوە سوێند درا و کارەکەی تێگەیەنرا و ڕاپۆرتی پێشکەش کرد بە بەرواری ٢٠١٦/١٠/٩ کە بەهەمان شێوە ئاماژەی داوە بە ناڕێک و پێکی و ناڕوونی و نەبوونی بنەمای ژمێریاری لە پسوڵەکان و لەبەرئەوە نەیتوانیوە قازانج و زەرەری هەردوولا دیاری بکات و بریکارانی هەردوولا تیانووسیان پێشکەش کرد لەسەر ڕاپۆرتەکە و لەسەر داوای بریکارانی هەردوولا دادگا (٣) شارەزای دادوەری بواری ئەندازیاری دانا و ئامادەبوون لە دانیشتنی ٢٠١٦/١٢/٦ و کارەکەیان تێگەیەنرا و ڕاپۆرتیان پێشکەش کرد بە بەرواری ٢٠١٧/١/١٥ و بریکاری داواکار و کەسی سێیەم ڕازی بوو لەسەر ڕاپۆرتەکە و بریکاری داوالەسەرکراوان ناڕازی بوو بە ڕاپۆرتەکە و داوای کرد کە دادگا پەنا بەرێت بۆ (٥) شارەزا و دادگا شارەزاکانی دانا و لە دانیشتنی ٢٠١٧/٤/١٢ ئامادەبوون و کارەکەیان تێگەیەنرا و (٢) شارەزایان ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کرد و شارەزاکانی تر هەریەکەیان بە جیا ڕاپۆرتیان پێشکەش کرد و وە لەبەرئەوەی شارەزاکان نەیان توانی ڕێک بکەون لەسەر ڕاپۆرتێکی یەکگرتوو دادگا (٧) شارەزای دانا و لە دانیشتنی ٢٠١٧/١٠/٢٢ ئامادەبوون و کارەکەیان تێگەیەنرا و بە بەرواری ٢٠١٧/١٢/١٨ (٥) شارەزایان یەک ڕاپۆرت و دوو شارەزاکەی تر هەریەکەیان بە جیا ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کرد و بریکاری داواکار و کەسی سێیەم ڕازی بوو لەسەر ڕاپۆرتی زۆرینەی شارەزاکان و بریکاری داوالەسەرکراو ناڕازی بوو و تیانووسێکی پێشکەش کرد و داوای کرد بانگهێشتی شارەزاکان بکرێت بۆ دادبینی و لە دانیشتنی ٢٠١٨/٢/١١ ئامادەبوون و ڕوونکردنەوەیان پێشکەش کرد سەبارەت بە تیانووسی بریکاری داوالەسەرکراو و بریکاری داوالەسەرکراو داوای کرد کە دادگا ڕاپۆرتی شارەزاکان بەهەند وەرنەگرێت, وە لەبەرئەوەی زۆربەی شارەزاکان کە لەم داوایەدا دانرابوون هاوڕابوون لەسەر ناڕێک و پێکی و نەبوونی بنەمای ژمێریاری لە تۆمار و پسوڵە پێشکەش کراوەکان, وە ڕاپۆرتی زۆرینەی شارەزاکان کە (٥) شارەزا بوون لە کۆی (٧) شارەزا زۆر بە ووردی و لەسەر بنەمای ژمێریاری و ئەندازیاری وورد پێشکەش کرابوو لەبەرئەوە دادگا داواکاری بریکاری داوالەسەرکراوانی ژمێریاری

# هەرێمی کوردستان / عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی
دادگای بەرایی

Judicial Council

ڕەت کردەوە و بریاریدا بە وەرگرتنی ڕاپۆرتی زۆرینەی شارەزاکان وەک بنەما بۆ حوکمەکەی, وە دانپێدانان بەڵگەیەکی کورتکراوە و حاشا هەڵنەگرە لەسەردانپێدانەر (٦٧سەلماندن) وە دانپێدانەرپابەند دەبێت بە دانپێدانانەکەی ئەگەر بەدرۆنەخرێتەوە بەحوکمێک (٦٨سەلماندن) وە دادگا بۆی هەیە پشت بەڕاپۆرتی شارەزا ببەستێت لەحوکمەکەی (١/١٤٠سەلماندن) وە لەبەرئەوەی کۆمپانیا گرێبەستێکە کە دووکەس (سروشتی یان معنوی) یان زیاتر پابەند دەبن پێوەی کە هەریەکەیان هاوبەشی دەکات بە بەشێک لە ماڵ یان کار بۆ دابەشکردنی قازانج و زەرەر لە ئەنجامی هاوبەشیەکە (٤ کۆمپانیاکان) لەبەرئەوە داوای داواکاری ژمێریاری و کەسی سێیەم لە پاڵ داواکار پاڵپشتی یاسایی هەیە.

دەرئەنجامی دادبینی.

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکرد بە:

1. پابەند کردنی داوالەسەرکراوانی ژمێریاری بە پێدانی بڕی (٢٣٠٨٧١١٠) بیست و سێ ملیۆن و هەشتا و حەوت هەزار و سەد و دە دینار بە داواکار و کەسی سێیەم لەپاڵ داواکاری ژمێریاری وەک قازانجی ئەو پرۆژانەی سەرەوە.
2. ڕەت کردنەوەی داوای داواکار و کەسی سێیەم بە بڕی (٥٨٠٠٢٨٩٠) پەنجا و هەشت ملیۆن و دوو هەزار و هەشت سەد و نەوەد دینار.
3. گرتنە ئەستۆی هەردوولا خەرجی ڕێژەیی داواکە.
4. گرتنە ئەستۆی داوالەسەرکراوانی ژمێریاری کرێی پارێزەرایەتی بریکارانی داواکار و کەسی سێیەم بە بڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار دابەش بکرێت لە نێوانیان بە یەکسانی.
5. گرتنە ئەستۆی داواکار و کەسی سێیەمی ژمێریاری کرێی پارێزەرایەتی بریکارانی داوالەسەرکراوان بە بڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار دابەش بکرێت لە نێوانیان بە یەکسانی.

تانەلێدان.

بڕیاری حوکمەکە شیاوی تانە لێدانە بە ڕێگاکانی تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوە .

پاڵپشتی قانونی بریارەکە.

بەندەکانی٢٥و٦٧و٦٨و١٤٠سەلماندن و٤ کۆمپانیاکان و٣٥ پارێزەرایەتی هەرێمی کوردستان و١٥٤و١٥٦ و١٦١و١٦٦و١٨٥و٢٠٣ دادبینیە شارستانییەکان تێگەیەنرا بە ئاشکرایی لە ١١/٢/٢٠١٨ .